# خەرجیەکانی زانیاری لە کیشوەری ئاسیا

ئومێد محەمەد سالح






ئاسیا وەک فاکتەرێکی کارا بە شێوەیەکی خێرا دەگۆڕێت بۆ جەمسەرێکی جیهانی نوێ لە توێژینەوەی زانستی و تەکنەلۆژیا، بەم شێوەیەش کێبرکێی خۆسەپاندنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوروپا دەکات.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە دەزگای (دیمۆس)ی بەریتانی کردویەتی، ئاماژە بە خۆسەپاندن و پێشکەوتنی داهاتووی لە بوارەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و کارو دۆزینەوە زانستیەکانی ئاسیا هەروەها ئاماژە بە پێشکەوتنی(چین،هند،کۆریای باشوور)دەدات و وەک ناوەندی ریزبەندی لە بواری دۆزینەوە دەرکەوتوون.

بەژمارە چین بەپێش یابان کەوتووە و بووەتە وەبەرهێنی دووەمە لەبواری لێکۆڵینەوە و پێشکەوتن لەجیهاندا دوای ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەپێی ژمارەکان لە راپۆرتی(زانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی)بۆ ساڵی 2006/ چین(136)ملیارد یۆرۆی لەساڵی(2006)لە بواری لێکۆڵینەوە و پێشخستن خەرج کردووە بەرامبەر (130)ملیارد یۆرۆ، یابان لەم بوارە خەرجی کردووە.

بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر لەسەروی وڵاتانی جیهانە لە وەبەرهێنان و لێکۆڵینەوە و پێشخستن کە(330)ملیارد یۆرۆی خەرج کردووە.

وڵاتانی یەکیەتی ئەورووپاش کە

پازدە وڵاتن و فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیاشیان لەگەڵە بەهەموویان(230)ملیارد یۆرۆیان خەرج کردووە. لەساڵی 1995 ـ 2001 وڵاتانی (چین، کۆریای باشوور، تایوان)بە ڕێژەی 14% خەرجی لێکۆڵینەوە و پێشخستنیان زیادکرد، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرێژەی 34% خەرجی وەبەرهێنانی زیادکرد.

لە بوارەکانی خەڵات و بڕوانامە و دۆزینەوە بەشی ئاسیا زیادی کردووە، و بەشی ئەمریکاش لە خەڵاتەکانی نۆبل لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا نەوەدەکان کەمبووەتەوە و لەساڵی (2000)یش کەمبۆوە بۆنیوە. دەتوانین بە شێوەیەکی روون پێشکەوتنی ئاسیا لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەندازیاری کە بڵاوکراوەتەوە هەستی پێبکەین، گەورە گۆڤارەکانی جیهانی بواری فیزیک ئەوەی بڵاوکردەوە کە بڵاوکراوەکانی ئەمریکا لەبیست ساڵی ڕابردوو بەرێژەی 29% لەرێژەی 61%ی ساڵی 1983کەمبۆتەوە، کەچی بڵاوکراوەکانی ئاسیا لە 11 ـ 17 % بەرزبۆتەوە.لەم بوارەش چین ئەسپی خۆی بەخێرایی تاوداوە و ساڵانە هەزار بڵاوکراوەی تایبەت بەم بوارە بڵاودەکاتەوە، هەروەها تایوان و سەنگافورە لەژمارەی (براءات الأختراع)وەپێش ویلایەتە یەکگرتووەکان کەوتون.

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)دەربارەی گەشەی ئاسیا لە بوارەکانی دۆزینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی و لەسەر زاری



(دیانا هیکس)سەرۆکی پەیمانگای سیاسەتی گشتی لە پەیمانگای جۆرجیای تەکنەلۆژی کە دەڵێت : ـ جێگای سەرسورمانە تێکڕای ئەو ژمارانە لە بڵاوکراوەکان و بڕوانامە و(براءات الأختراع)بەم خێراییە ببینین، ئەوە کارێکە و باوەر ناکرێت.

لەساڵی 1989 ـ 2001 ئەو (براراءات الأختراع)کە بەناوی توێژەرە ئاسیاییەکان لە چین و هندو سەنگافور و کۆریای باشوور و تایوان تۆمارکراوەبەرێژەی 859% یە بەڵام لەبواری دۆزینەوەی تەکنەلۆژیا رێژەکەی گەیشتە 116% .

بواری بەهرەدارانیش لە گەشەکردندایە ، ژمارەی توێژەران لە روسیا لە بەرزبوونەوەی خێرادایە و ئەو ئاسیایانەی بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرن لە بڕەودان، لەساڵی 2000 زانکۆ ئاسیاییەکان نزیکەی (1/2)ملیۆن پلەی لەبواری زانست و تەکنەلۆژیا داوە بە بەراورد(850)هەزار پلە لە ئەوروپا و (500)هەزار لە ئەمریکای باکوور. لەساڵی (2001)پتر لەنیوەی پلەکانی دوای دکتۆرا لەبواری زانست و تەکنەلۆژیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەو کەسانە بەدەستیان هێنا کە لە وڵاتانی بیانی لە دایک بووینە.لە هند ساڵانە (2/5)دوو ملیۆن و نیو کەس لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری و زانست و ئەندازیاری دەردەچن، چین بە پلەی دووەم لە جیهاندا دێت و (966)هەزار توێژەری هەیە بەرامبەر (1/3)ملیۆن توێژەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەمە بەپێش یابان کەوتووە کە (677)هەزارتوێژەری هەیەو روسیاش لە پلەی چوارەمە. (راپۆرتی رێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان کە بارەگاکەی لە پاریسە، دەربارەی ئاراستەکانی تەکنەلۆژیا لە جیهاندا).

راپۆرتی ( یۆنسکۆی زانستی)لەساڵی 2005 ئاماژە بە تێکڕای خەرجی

تێچوون لە توێژینەوە و پەرەپێدان لە ئاسیا دەدات کە زیادیکردووە و لەساڵی 1997، 9/27% کەچی لەساڵی 2004 گەیشتە 5/36% ، بووە مایەی ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆری بەهرەداران لەبواری زانست و تەکنەلۆژیا و کارگێری لە ئاسیا، کە ئاسۆی وەپێش ڕۆژئاوا کەوتنیان لە چەندایەتی و چلۆنایەتی هەیە و خۆسەپاندنی ئەوروپا و ئەمریکا لە دۆزینەوەی زانستی و تەکنەلۆژیا لە شکستە.

هەروەها ژمارەی دامەزراندنی دەزگای موڵکیەتی هزری بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بازارەکانی جیهان لە چین و کۆریای باشوور لە زیادبوونە.

زۆر لە کۆمپانیا بیانیەکان هەڵساون بە دامەزراندنی ناوەندی کرداری توێژینەوە و پێشخستن لە کیشوەری ئاسیا، چونکە بازاری ئەم ناوچەیە گەشەکردنێکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت هەروەها تێچووی کارکردن هەرزانە و دەتواندرێت سوود لە جیاوازی کات وەربگرن بۆ توێژینەوە لە هەموو کاتەکان، هۆکارێکی تری گرنگیش ئەوەیە کە ئاستی خوێندنی باڵا لە ئاستێکی بەرزدایە.

لەماوەی ئەم دواییە پەرتوکێکی قەوارە(73)لاپەرەیی بەناونیشانی (چین : هێزی زانستی گەورەی داهاتوو)تیایدا هاتووە کە چین وەک گەلێکی بەهرەدار تاساڵی (2020) ئامادە دەکرێت و لەوانەیە تاساڵی (2050) ببێتە هێزی زانستی یەکەم لە جیهاندا.

ئەگەر نیازەکان لە چین بەم شێوەیە بڕوات ئەوا لەساڵی (2010)هەمان ڕێژەی کە یەکیەتی ئەوروپا لە توێژینەوەکان خەرج دەکات کە دەکات 2/2% چینیش خەرجی دەکات.

ئابووری کۆریای باشوور لەڕێزبەندی حەوتەمینە لە جیهاندا لەبواری بودجەی تەرخانکراو بۆ توێژینەوە و پێشخستن کە بری 24 ملیارد دۆلارە و لەدوای ئەویش هند دێت کە بری 23 ملیارد دۆلاری تەرخانکردووە و تایوانیش لەریزبەندی دوازدەمینە 15 ملیاردی تەرخانکردووە.

هەروەها بواری تەقەنی زۆر بچوک و توێژینەوەی خانەرەگیەکان، لە چین گرنگیەکی زۆری پێداراوە، هەر بۆ زانین، کارکردن لەبواری خانەرەگیەکان لە چین زۆر خێراترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوروپا، بەهۆی زیادکردنی خەرجی ساڵانە بەرێژەی پتر لە 20% لەساڵی (1997)ەوە.

شایانی گوتنە (براءات الأختراع) لە چین ساڵانە بەرێژەی 23% زیاد دەکات لەساڵی (2005)ەوە (750) کۆمپانیای جیهانی ناوەندی توێژینەوەی لە هەشت ساڵی ڕابردوو لە چین داناوە.



لایەنە پەیوەندارەکان توانیویانە (200)هەزار چینی ڕازی بکەن بەهۆی خەڵات و هەڵی بازرگانی بگەرێنەوە. سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد تەنها زانکۆکانی کەرتی پەکین ژمارەی ئەو ئەندازیارانەی دەریان دەچوێنێت بەرامبەرە لەگەڵ ژمارەی ئەندازیارانی دەرچوو لە هەموو زانکۆکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا. وڵاتە ئاسیاییەکان هەوڵدەدەن تایبەتمەندبن لە بوارەکانیان، بۆ نموونە هند دەیەوێت ببێتە ناوەندی ڕاهێنان و پێشخستن چونکە توانایەکی باشی لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری هەیە، بەڵام سەنگافور هەوڵدەدات ببێتە ناوەندێکی باڵای بواری زانستی زیندەورزانی پزیشکی ، هەروەها چینیش هاتە ناو کیبڕکێ و بە ئاراستەی ڕاکێشانی ناوەندەکانی تەکنەلۆژیای زیندوو تەکنەلۆژیای زانیاری کاری کرد، کۆریاش سەرچاوەیەکی مرۆڤی ئاست بەرزی هەیە لە زانست و تەکنەلۆژیا کە بەهاکەی لە یابانی هەرزانترە و لە چینیش بە شارەزاییترە.

⋆ لە بابەتێکی ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ئامادە کراوە.